# گفتوگوی رادیوی کوردی ئامریکا لە گەل بەریز

# ماموستاشیخ عیزەدین حوسینی

ـ سەبارەت بەومەسەلەیە هاوکارم شایان رەشیدلەگەل بەریزشیخ عیزەدین حوسینی کە سیاسەتمەداریکی ئیرانە گوفتوگویی کردوە ـ

پرسیار : سیاسەتمەداروزانایی ئایینی ئیران ماموەستاشیخ عیزەدین حوسینی هەروەکوو دەزانیت مەحمودی ئەحمەدنیژاد ، توانی لە خوولی دوهەمی هەلبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئیراندا بە ریژەی لە 62% سەرکەوتنیکی گەورەی بەرامبەربە عەلی هاشمی رەفسەنجانی بە دەست بینێ ، باشە بەرایی تۆ فاکتەری سەرەکی بردنەوەی بەریزئەحمەدی نیژاد چیبوو یاخودبابلێن چی بوە هۆی ئەوە خەلکێکی زۆر دەنگی بۆبدات ؟

ولأم : بە عەقیدەی من ئەوانەی کە لە پێشداشیرکەتیان کردبوولە ئینتیخابات دا و داندرابوون هەمویان کەسانێک نەبوون کە زۆرنەناسراوبن وجێ ئیعتیمادی خەڵک بن . وە بە خسوس موحافەزەکارەکانیش (مەبەست ئیسلاح تەلەبەکانی لایەنگری خاتەمیە) لە تەرەف رێژیمەوە ، لە تەرەف رێژیمی ئاخوندیەوە مەوریدی تەوەجووە نەبون وبە هەموشێوەیەک دەیانەویست ، ئەوانە نەبن . مەحمودی ئەحمەدنیژاد ئەوئیدیعایانەی کە دەیکرد کە لە بارەی فەقیروفوقەراو ، وەزعی دەولەمەندان کە هەرچی شتی ئیرانە بۆخۆیان بردوە وخەڵکی فەقیروهەژار لە مودەی ئەو 26 ساڵەدا هەروافەقیرماونەوە وئەوشتانە ، وە ئەونەوعە قسانەی کە واسەریح دەیکرد ، هەمویی تاسیری بوو. وەئەوەش چونکە شەخسیەتێک نەبولە سەتحی روحانی دابێت وچێهرەیی روحانی ببێت ئەوەش تاسیرێکی زۆر گەورەی بووکە ئەوە خەلک بلێت باکەسێک ئینتیخاب بکرێت کە زاهیرەن روحانی نیە ولە دانیشگاهیە وئەوانە تاسیری بووەت . ئەما لە حەقیقەت دا لە نێوخودی رێژیمداوبەخسوس لە تەرەف خامنەییەوە بە عەقیدەی من وە لە نەزەر زۆر سوپای پاسداران وبەسیج و ئەوکەسانەوە ئەوەیان هەڵنابوو پشتیوانیان لێ دەکرد ، بۆ

ئەوە کە ئەو ببێت بە رەئیسی جومهور ، ئەمن عەقیدەم ئاوایە . ئەوەش کە کەروبیان لابردو ئەحمەدی نیژادیان هێنا ، پێم وابووهەر بۆ ئەوەیە کە رەفسەنجانی لە موقابیلی ئەوداشکست بخوا . وە ئەحمەدی نیژاد سەرکەویت وە دیارە هەم لە دەرونی ئیراندا وهەم لە دەرەوە پێیان وایە ئەوە چێهرەیەکە شایەد بتوانێ مەوریدی ئیستیفادە بێت .

پرسیار : ئەی ماموەستا ئیستا دوایی راگەیانندنی یەکەم بەیاننامەی رەسمی سەرۆک ئەحمەدی نیژادی ئەمرۆ شەمە کە دابویی ودەلێت کە وا ئەو دەیەویت ئیران بکاتە ولاتێکی مۆدێرن وپێشکەوتنخوازوئیسلامی ونمونەیی بێت لە جیهانا ، هەر چەندێکی کە دەزانین کەواخەڵکی دەڵین ئەم بە رێبەریکی توندرەو ناسراوەو بە نیبیازە یاسایی شەریعەی ئیسلامی بە توندی لە ئیراندابچەسپێنێت ، باشە بەرایی تۆ دانیشتوانی ئیران چی لێ چاوەروان دەکەن ؟

ولام : نازانم دانیشوانی ئیران ، باوەر دەکەم دانیشوانی ئیران رەنگە کەسانێک تەحتی تاسیرقەرار بگرن ، ئەما ئێمە ئەو نەوعە ئیدیعایانەمان ، لە هەمووەختێکی دا لە دەوەرانی جومهوری ئیسلامی دابە شێوەیەکی موتەعەدید بیستوە . ئێمە ناتوانین هیچ قەزاوەتێک لە سەرقسەکانی ئەوبەرێزە بکەیین تانەزانین لە عەمەلداچۆن دەبێت ، ئەوە موسەلەمە کە لە چینی ئیسلاح تەلەب وئازادیخوازوئەوانە نیە ، دەیەویت ئەوئیسلامەی کە بۆخویی وویلایەتی فەقیهە لە چوارچێوەی ئەوەدا کاربکات وموووەفەق دەبێت ئەمن نازانم. ـ ئەوە کاتی دەویت وتانیشانی بدات ، ئەرێ وەلا ـ

پرسیار: بەلام لە لایەکی تریشەوە لە رویی جیهانیەوە بەریتانیاوفەرانسە دەست بە جێ دوایی هەلبژاردنی بەریزئەحمەدی نیژاد وەک رێبەری نۆیی ئیران ، بانگەشەی ئیرانیان کرد کە وا لە راگرتنی بەرنامەی چەکی ناوەکی ئیرانا هاوکاریان بکات ، تۆ بلێت هاوکاری سەرۆکی نۆیی لە گەل ولاتانی ئەوروپی وخۆرئاوادا بە تایبەتی ، تا چ رادەیەک بێت .

وڵام : ئەمن پێم وانیە ئەوبتوانێ بە تەنیایی ئەوکارە بکات چونکی ئەسلەن رەئیس جومهور هەرئەندازە قەوی بێت و هەر ئەندازە ئیدیعای بێت لە ژێر سولتەیی ویلایەتی

فەقیە دایە ولە ژیر سولتەیی حوکومەتی جومهوری ئیسلامی دایە ولە پیش ئەوەوە کەسانێک هەن کە بەرنامە دەرێژن ودەبیت رەئیس جومهورهاوکاریان بکات . ئەوانەش کە کردویانە ئەوە چەشمەکێکە داویانە بەوی کە ئێمە پێمان خۆشە ئەتۆ ببیت ، ئاخرلە پێشیشدا رەفسەنجانی دەیگوت کە ئەگەرمن سەرکەوم مەسئەلەیی چەک حەل دەکەم وئەمریکاش وغەربیش زۆریان پێ خۆش بوو ، رەفسەنجانی ببێت . ئەما ئەوەشت پێ بلێم ، کە ئەوهاتنی ئەوانە بۆ مەسئەلەی کوردوەک میللەت ناتوانن مەسدەری هیچ خێرێک بن .

ـ ماموەستاشیخ عیزەدین حوسینی سیاسەتمەداروزانایی ئایینی ئیران زۆر سپاس بۆ ئەوکاتەی کە بۆ بەشی کوردی دەنگی ئامریکات رەخساند . خوداحافیز . زۆرسپاس .

25 . 6 . 2005